# له كۆتایی دونیادا كەسانێك دێن كەم تەمەن ومێشك لاوازن، باشترین قسە بەكاردەهێنن لەنێو خەڵكیدا (قورئان بەكاردەهێنن)، لە ئیسلام دەردەچن هەروەكو چۆن تیر لە نێچیردا دەردەچێت

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر شتێكتان بۆ بگێڕمەوە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەوا لە ئاسمانەوە فڕێ بدرێمە خوارەوە خۆشەویستترە لەلام لەوەی درۆ بكەم بەناوی ئەوەوە، وئەگەر شتێكتان بۆ بگێڕمەوە لەنێوان خۆم وئێوە؛ ئەوا جەنگ فڕوفێڵی تێدایە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە دەیفەرموو: «لە كۆتایی دونیادا كەسانێك دێن كەم تەمەن ومێشك لاوازن، باشترین قسە بەكاردەهێنن لەنێو خەڵكیدا (قورئان بەكاردەهێنن)، لە ئیسلام دەردەچن هەروەكو چۆن تیر لە نێچیردا دەردەچێت، ئیمانیان قوڕگیان تێناپەڕێنێت، لە هەرشوێنێك پێیان گەیشتن؛ بیانكوژن، كوشتنیان پاداشتە بۆ ئەو كەسەی دەیانكوژێت لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێشەوای ئیمانداران عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر بیستتان كە من فەرمووده دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەوا بزانن كە شتەكان بە خوازراوی وفراوانی باس ناكەم وهیچ ناشارمەوە؛ بەڵكو بە ڕوون وئاشكرایی هەمووی دەگێڕمەوە، ئەگەر لە ئاسمان فڕی بدرێمە خوارەوە ئاسانترە لە لام لەوەی درۆ بكەم بەناوی پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر قسەیەك بكەم لەگەڵ خەڵكی ئەوا جەنگ فڕوفێڵی تێدایە، لەوەیە شتەكان بە خوازراوی وفراوانی باس بكەم وهەندێك شت بشارمەوە، گوێم لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- كە فەرموویەتی: لە كۆتایی دونیادا كەسانێك دێن كەم تەمەنن (گەنجن)، ومێشك وئەقڵ وتێگەیشتنیان لاوازە، قورئان دەكەنە بەڵگە وزۆر دەیخوێننەوە، لە ئیسلام دەردەچن وسنوورەكانی تێدەپەڕێنن هەروەكو چۆن تیر لە نێچیر دەردەچێت، ئیمانیان لە قوڕگیان ناكاتە خوارەوە، لە هەرشوێنێك گەیشتن پێیان بیانكوژن؛ چونكە كوشتنیان پاداشتە بۆ ئەو كەسەی دەیانكوژێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65868